SKÖVDE

# زانیاری بۆ سەرپەرشتیارانی نوێ

بەخێربێن بۆ دایەنگە لە شارەوانی شوێڤدێ (Skövde) . بە بێ گوێدانە ئەوەی منداڵەکەت لە کام دایەنگە شوێنی بۆ دابین دەکرێت لەم نامەیەدا کۆمەڵە زانیاریەکمان کۆکردۆتەوە بەو مەبەستەی بەشداربوونی سەرپەرشتیاران زیاتر بکەین لە پرۆسەی ڕاهێنانی منداڵ لە دایەنگە دا هەروەها ئەو ڕێسا و شێوازی ڕەفتارکردنانە ڕوونکەینەوە کە لە دایەنگاکانی شارەوانی شوێڤدێدا کاری پێدەکەین.

**ڕاهێنانی منداڵ لە دایەنگە** - بەو ماوەیە دەڵێن کە منداڵ دەست دەکات بە دایەنگە. ماوەی ڕاهێنانی منداڵ لە دایەنگەکاندا جیاوازیان هەیە بەڵام وا مەزەندە دەکرێت کە لە هەفتەیەکەوە بۆ دوو هەفتە بخایەنێت. ڕاهێنانی منداڵ لە دایەنگە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵەکە پێکەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانیاندا بە دایەنگەکە، کارمەندان و منداڵانی تر ئاشنا دەبن. لە میانەی ڕاهێنانی منداڵ لە دایەنگەدا تۆ وەک سەرپەرشتیار وێنەیەک لەسەر بەسەربردنی ڕۆژەکانی منداڵەکە لە دایەنگە بەدەست دەهێنیت و ئاشنا دەبیت بەوەی دایەنگە چۆن بەڕێوە دەبرێت و هاوکات دەرفەتێکت بۆ دەڕەخسێت کە باس لە حەزەکانی منداڵەکەت، ئەزمونەکانی و پێویستیەکانی بکەیت. دەشێت تۆ وەک سەرپەرشتیار بەشداری ڕاهێنانی منداڵ لە دایەنگە بکەیت.

**کاتەکانی کردنەوە** - دایەنگەکانی شارەوانی شوێڤدێ لە باری ئاساییدا لە نێوان کاتژمێر 06:30 - 18:30 کراوەن

**خشتەی کاتەکان** - گرنگە ئەو خشتەیەی دەیدەن بە خوێندنگا بۆ کاتی دانانی منداڵەکەتان بگونجێت، تا لە کاتی دیاریکراودا منداڵەکە دانێن و بیبەنەوە. ئەگەر کاتەکانی ئیشەکانتان گۆڕدرا دەشێت خشتەی کاتەکانی منداڵەکەش بگۆڕدرێت. دەشێت هەمیشە کارمەندان ئاگادار بکەنەوە لە گۆڕینی خشتەی کاتەکان. مەبەست لە خشتەی کات کاتی ئیشکردن/کاتی خوێندن + ماوەی چوون و هاتنەوە لەسەر ئیش دەگەینێت.

منداڵانی دایەنگە هەفتەی 15 کاژێر مافی چوونە دایەنگەیان هەیە بە پێی خشتەیەکی دیاریکراو کاتێک کە سەرپەرشتیار پشووی دایکوباوکێتی هەبێت بۆ منداڵێکی بچووکتری یان کاتێک سەرپەرشتیار بۆ ئیش دەگەڕێت.

**دایەنگەی گشتیی** - لەو پایزەوە کە منداڵەکە دەبێت بە 3 ساڵ مافی چوونە دایەنگەی گشتی هەیە. مەبەست لەمە ئەوەیە کە منداڵەکە مافی ئەوەی هەیە کە هەفتەی 15 کاژێر بە خۆڕایی بچێتە خوێندنگا و لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە داوادەکرێت.

**ڕۆژەکانی نەخشە دانان** - ساڵی چوار ڕۆژ دایەنگە دادەخرێت بۆ نەخشەدانان و خولی فێرکاری خێرا بۆ کارمەندان. دەشێت ئەمە لانی کەم دوو مانگ پێشوەخت ڕاگەیەنرێت کامانەن ئەو ڕۆژانەی دایەنگە دادەخرێن.

**کردن بەیەک** - لە میانەی کاتەکانی پشوودان، پشوودانی هاوینە و کریسمسدا دایەنگەکان لە نێو خۆیاندا هاریکاری دەکەن. واتە ئەو دایەنگەیەی کە منداڵەکەتی بۆ دەچێت ڕەنگە داخرابێت و دەتوانیت منداڵەکەت لە میانەی ئەو کاتانەدا لە دایەنگەیەکی تر دانێیت. ئەو کارمەندانەی منداڵەکەت دەناسن لە دایەنگە نوێکە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەچن بۆ ئەوێ.

**هێنان و بردنەوە** - کاتێک منداڵەکەتان دەهێنن و دەیبەنەوە گرنگە پەیوەندی بە کارمەندانەوە بکەن، بۆ ئەوەی کارمەندان بزانن کە ئێوە هاتوون و منداڵەکەتان لێوەرگرن و خواحافیزیتان لێ بکەن. دەشێت هەمیشە کارمەندان ئاگادار بکەنەوە ئەگەر کەسێکی تر منداڵەکەت بێنێ و بباتەوە. کارمەندان بۆیان نیە منداڵەکەت ڕادەستی کەسێکی تر بکەن ئەگەر تۆ پەسەندت نەکردبێت/ ڕات نەگەیاندبێت.

**نەخۆشی** - کاتێک منداڵەکەتان نەخۆش دەکەوێت دەشێت لەماڵەوە بمێنێتەوە. دەشێت هەمیشە زەنگ لێدەیت بۆ دایەنگە کاتێک منداڵەکەت نەخۆش دەکەوێت. دەشێت پاش نەخۆش کەوتن ڕۆژێک پێش ئەوەی منداڵەکەت ببەیتەوە بۆ دایەنگە زەنگ لێدەیت و پێیان ڕایگەیەنیت. گرنگە منداڵەکەت چاک بوویبێتەوە بەر لەوەی بیبەیتەوە بۆ دایەنگە، بۆ ئەوەی منداڵەکەت تاقەتی مانەوەی ڕۆژێکی لە دایەنگە هەبێت و مەترسی تووشبوون لەسەر منداڵانی تر کەمبێتەوە. ئەگەر منداڵەکەت تای لێهات دەشێت یەک ڕۆژ پێش بردنەوە بۆ دایەنگە بە تەواوی تای نەمابێت.

لە حاڵەتی نەخۆشیەکانی تێکچوونی گەدە/ڕشانەوە/ سکچووندا دەشێت منداڵەکە 48 کاژێر پێش بردنەوەی بۆ دایەنگە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی تیانەمابێت. چونکی مەترسی تووشبوونی منداڵانی تر گەورەیە، دەشێت خوشکوبراکانی تری منداڵەکە تووشبووەکە بە نەخۆشیەکانی تێکچوونی گەدە، لە ماڵەوە بمێننەوە.

**ڕۆژێکی ئاسایی لە دایەنگە** - ڕەنگە کاتەکان لە نێوان دایەنگەکاندا جیاوازیان هەبێت

کاتژمێر 06:30 دایەنگە دەکرێتەوە. تا کاتی بەرچایی خوادن منداڵەکان دەتوانن یاری ، وێنە و ..هتد بکەن.

کاتژمێر 08:00 ژەمی بەرچایی.

لە نێوان بەرچایی و ژەمی نیوەڕۆدا چەندین چالاکی جۆراوجۆر دەخرێتە بەردەم منداڵان وەک یاریکردن، موزیک، چالاکی خوڵقێنەر. بەیانیان بەشێکی چالاکیەکان لە دەرەوەی دایەنگەکەدا ئەنجام دەدرێن. منداڵان میوەیان پێشکەش دەکرێت.

کاتژمێر 12:00 ژەمی نیوەڕۆ.

پاش نانی نیوەڕۆ ساتە وەختێکی ئارام بۆ منداڵان دابین دەکرێت وەک نوستن یان گوێگرتن لە چیرۆک. پاش پشوودانەکە کۆمەڵێک چالاکی لە ژوورەوە ودەرەوەی دایەنگەدا دەخرێنە ڕوو تا کاتی نیوانەژەم.

کاتژمێر 15:00 نێوانە ژەم، لە باری ئاساییدا بریتیە لە شیر و سەندویج (سمۆرگۆس).

پاش نیوانە ژەم و تا کاتی چوونەوەی منداڵ بۆ ماڵەوە چەندین چالاکی لە ژوورە و دەرەوەی دایەنگەدا ئەنجام دەدرێن.

کاتژمێر 18:30 دایەنگە دادەخرێت.

**مانەوە لە دەرەوە** - لە دایەنگە منداڵان هەموو ڕۆژێک دەبرێنە دەرەوە. واتە منداڵەکەت پێویستی بە جلوبەرگی گونجاو هەیە بە پێی ئاووهەوا، وەک جلی باران، جزمەی لاستیک، چاکەتی گەرم، پانتۆڵی گەرمی قایشی شاندار یان کڵاوی پاراستن لە خۆر. منداڵەکەت پێویستی بە **جلوبەرگی زیادەش** دەبێت ( پانتۆڵ، بلوز، گۆرەوەی، جلوبەرگی ژێرەوە) بۆ ئەوەی بیگۆڕن ئەگەر جلەکانی تەڕ یان پیس بوو.

**پشوودان** - پاش ژەمی نیوەڕۆ وچانێک بۆ پشوودان وەردەگرن. منداڵانی گەورەتر لە نێوان 3-5 ساڵاندا وچانیکی ئارامیان لە خوێندنەوەی چیرۆک بە دەنگی بەرز پێشکەش دەکرێت. منداڵانی 1- 3 ساڵان بۆیان هەیە پشوویەک بدەن/سەرخەوێک بشکێنن لە سەر دۆشەک لە ژوورەوە یان لە گالیسکەدا لە دەرەوە. زۆرێک لە دایەنگەکان منداڵان بۆیان هەیە لە گالیسکەکەی خۆیاندا هەموو ساڵەکە لە دەرەوە سەرخەوێک بشکێنن.

**خواردن** - لە دایەنگە منداڵان ژەمی بەرچایی، نیوەڕۆ و نێوانە ژەمیان پێشکەش دەکرێت. ژەمە خواردنەکان بە خۆڕاییە. ئەگەر منداڵەکە پێویستی بە خۆراکی تایبەتی هەبوو دەشیت بە دایەنگە ڕاگەیەنرێت.